
# ملوانکەی بووکان





کاتێك ئامادەکاری بۆ ڕازاندنەوەی بووك دەکرێت، لە ڕوانگەی جوانکاری و ئامادەکردنی ئێکسسوارەکانی دەست و مل و قژ و قاچ، گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە لە زیاتر جوانکردنی بووکەکە، بۆیە هەر ئێکسسوارێك بەشێکی جوانی بووك جێگیر دەکات، لەلایەن پسپۆڕانی بواری جوانکاری دەگوترێت کە سەرەکیترین ئێکسسوار بۆ بووکان، بریتییە لە ملوانکە، کە جگە لەوەی چەندین ئێکسسواری دیکەش هەن، بەڵام ئەوەیان بە سەرەکی و بنەڕەت دادەنرێت، بە تایبەت کاتێك بووکەکە ئەو جۆرە کراسە لەبەر دەکات کە بەشی سەرەوەی کراوەیە، واتە ملی بە تەواوی دیار دەکەوێت، یان هەندێك لە کراسەکانی بووك لەلای ملەوە کراوەیە،ملوانکە بۆ بووك دەبێ شێوەکەی بچووك و کورت بێت، نەبادا بکەوێتە خوارەوە و بەمەش بەهای جوانی خۆی لە دەست دەدات، تاوەکو چەند کورتتر و بچووك بێ، زیاتر لەگەڵ مل و کراسەکەش گونجاوتر دەبێت.







## گونجاندنی جلی زستانە و ئێکسسوار

کچانی هەرزەکار وەکو خانمان پێویستیان بە جلوبەرگی شایستە و ڕازاوە دەبێت، تەنانەت ئەوەندەی ئەوان گرنگی بە جل دەدەن، خانمانی گەورە کەمتر پێی دەدەن، بەهۆی ئەوەی زیاتر خانمان لە شوێنە تایبەتەکان ئامادە دەبن ڕۆڵی خۆیان هەیە، بەمەش وادەکات کە زیاتر لە کۆمەڵە جلێکیان هەبێت و پێویستیان پێی بێت، لە وەرزی زستانیش بە هۆی گۆڕانی کەش و هەوای ئەو وەرزە، جلوبەرگ زیاتر دەگۆڕدرێت و پێویستی بە جلی تازە دەبێت، کچانی هەرزەکار زیاتر بایەخ بە جلی تەسك و بۆدی دەدەن، ئەمەش زیاتر لەسەر جەستە خۆشە بۆ لەبەر کردن و یان دەرخستنی مۆدەیەکی جوان و تایبەت بە جەستە، چەندین جۆرە جلوبەرگ هەن و هەر یەکە دیمەنێکی ڕازاوە و جوانی هەیە، بەڵام بۆ وەرزی زستان دەبێت ئەو جۆرە جلە بێت، کە گەرم و جەستە لە سەرمای ئەو وەرزە بپارێزێت، چاکترە لە وەرزی زستان ڕێژەیەکی کەم ئێکسسوار بپۆشرێت، چونکە کەم دیار دەکەوێت و زیاتریش جلەکان ڕۆڵیان دەبێت لە جوانی جەستەدا.





# تەنوورەی کورت بۆ تازەپێگەیشتووان





چەندین ستایل لە تەنوورەی کورت هەیە، کە دەبنە بەشێکی جوان و رازاوە لە جلی هەرزەکار و تازە پێگەیشـــتووان، هەر شـــێوازێك لەم جـــۆرە جلانە، بەهۆی پەڕپەڕە و شـــێوەی کورتی، دەبێتە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش وجوان، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ جلی دیکە لەبـــەر دەکرێت، وەکو ئێلەگ و بلووزی کورت،، کچانی تازە پێگەیشتوو دەتوانن سوود لەو مۆدەیە وەربگرن و لە دیکۆر و جوانی شێوەدا بە ناسکترین شێوە کاری لەســـەر بکەن، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ جینز یـــان پانتۆڵی درێژ کە هاوشـــێوە و هاوڕەنگ بن، بەمەش جوانترین و رازاوەترین دیمەنی دەبێت .




# جلی کوردی و گۆڕانکارییەکانی بواری جوانکاری

**بە هاوکاری سۆلاڤ فاشیۆن-ئەلمانیا**

لە بارەی مـــۆدە تازەکان لە جلی کـــوردی کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام شـــێوازە کۆن و کلتوورییەکەی پارێزراوە و تەنیـــا ئەوە نەبێت لەگەڵ چەند لایەنێکی مۆدەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کراسی کوردی، تاوەکو چەند کاری تازەی تێـــدا بکرێت، زیاتر بایەخی خۆی دەبێت و دەبێتە مۆدەیەکی ســـەردەم،لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەشدا بەڵام جوانی جلی کوردی هەردەم لە پایە بەرزەکەی دەمێنێتەوە و لەبەر ئافرەتی کورد رازاوەتر و جوانتر دەبێت، یەکێك لەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەر جلی کوردی کراوە، ئەویش کردنەوەی قۆڵەکانی لە ژێر باســـك تاوەکو سەر دەســـت، ئەمەش بە کردنەوەی بەشی دەرەوەی وەك هێڵێکی کراوەی لێدێت و لەم کرانەوەدا، دەست رەنگینیی خانمان دیار دەبێت، کە ئەوەش گەورەترین و سەرنجڕاکێشـــترین لایەنی ئەو جلە مۆدە تازەیە دەبێت، یان دەکرێت تەنیا لە ناوەڕاستی قۆڵی کراسەکە، بکرێتەوە و دواتر داخراو بێ تاوەکو سەر دەست، ئەمەش یەکێکە لەو گۆڕانکارییە جوانانەی لەســـەر کراسی کوردی دەکرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی رەســـەنایەتیی کراســـەکە بشێوێنرێت، بە تایبەت کە لە پێشـــوودا ئافرەتانی کورد ئەو قۆڵەیان هەڵدەکرد و دەســـت و باسك دیار دەبوو، بەڵام ئێستا ئەو گۆڕانکارییە ئەنجامەکە بە دەست دەدات.






# ماکیاژی پشت چاوی سەوز و شین

بە هەر جۆرە رەنگێك دەتوانین ماکیاژی پشت چاوەکان ئەنجام بدەن، بەڵام لێرەدا ئەوە گرنگە کە تا چەند ئەو جۆرە رەنگە لەگەڵ جۆری ماکیاژی رووخســـار یان لەگەڵ رەنگی چـــاو دەگونجێت، بۆیە دەکرێ سوود لە رەنگەکان وەربگرین کە بەشێکی ســـەرەکی و گرنگە لە دانانی ماکیاژی رەنگی پشت چاو، دوو رەنگی جوان و شایســـتە هەن، کـــە هەر یەکە دەکرێـــت بە جیـــاواز بەکاربهێنرێت، یان بەیەکەوە کە رەنگێکی وەنەوشەیی نیشان دەدەن، ئەویش هەردوو رەنگی (سەوز و شـــین)ە، رەنگی ســـەوز بۆ ئەو چاوانە دادەنرێت کە شین یان رەشن، هەروەها رەنگی شـــین بۆ ئەوانەی چاویـــان قاوەیی یـــان هەنگوینییە، کـــە هەر یەکە لەم دوو رەنگە، وادەکات رەنگی چاوەکە زیاتر سەرنجڕاکێشتر بێ و دیـــار بکەوێ. رەنگی پشـــت چاوی سەوز و شین، دەتوانرێت لەگەڵ رەنگی جلوبەرگ یان ئێکسسوارەکان رێکبخرێت و بۆیـــە دەبێ رەنگی چـــاو لە رەنگی جلوبەرگ دابنرێت.







# چێشتخانە لە ئاسمان!

لە زنجیرە چیایەکانی هیمالایا لە وڵاتی ئەمریکا، سەیرترین چێشتخانە هەیە، ئەویش دانانی مێز و کورسی خواردنە لە لاتەریبێکی چیا بەرزەکانی ئەو وڵاتە، کە کورسی و مێزەکان بە گوریس شۆڕ دەکرێنە خوارەوە، لەو کاتەی میوانەکان لەسەری دادەنیشن ئەوەی سەیرە لە بەرزایی ٣٠٠ مەتر لەسەر ئاستی زەوی بەرز دەبن و هەرچیەکیان بویَ بۆیان دەنێرن و شۆڕ دەکەنەوە. وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن ئەو (٤) گەشتیارە لە چێشتخانەدا دانیشتوون و خوارەوە و سەرەوەیان بە جوانی لیَ دیارە.



# نالّ کردن!

لە کوردەواریدا ئەو کارانەی لەلایەن خۆمانەوە ئەنجام دەدرێن و لە کۆندا ماوەتەوە و تەنانەت تاوەکو ئەمڕۆش کار لەسەر ئەو رێچکە کۆنانە دەکەن، یەکێك لەو کارانەی کە لەلایەن پیاوانی دەستڕەنگینەوە کردوویانە، ئەویش (نالّ کردن)ی ئاژەڵ و وڵاخ و ئەسپە، نالّ کردن بەم رێگەیە ئەنجام دەدریَ : دوای ئەوەی ئەو ئاژەڵەی هەست دەکریَ سمەکەی رۆیشتووە یان خراپ بووە، یان بۆ یەکەمین جار نالّی بۆ دەکرێت، ئاژەڵەکە دەهێنن یەکێك پێی ئاژەڵەکە بڵند دەکات و نالّبەندەکە بە گێرەیەکی لە شێوەی دەمەداس زۆر تیژە، سمی ئاژەڵەکەیان پیَ دەتاشی و تاوەکو لەگەڵ نالّی ئامادەکراو بگونجیَ.

پاشان نالّێکی بەپێی ئەندازەی سمەکە ئامادە دەکرا و پاشان بزماری تایبەت دروست کراو کە نووکی بزمارەکە تیژ و سەرخڕ و گەورەیە، بەهۆی ئەو بزمارانە نالّەکە لە سمی ئاژەڵەکە چەسپ دەکرێت. دەبیَ بزمارەکە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بچێت و لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی لاتەریب لێبدریَ، تاوەکو لەسەرەوە لەناو سمەکە بێتە دەرەوە و ئەمەش بۆ دوو لایە، یەکێکیان بۆ چەسپاندنەوەی بزمارەکە کاتێك دێتە دەرەوە، سوودی دووەمیش بۆ ئەوەی نەچێتە ناو پێی ئاژەڵەکە کاتێك زۆر لەسەری بڕوا و بزمارەکە زیاتر بچێتە ژوورەوە، یان تاوەکو زیاتر توند و تۆڵتر بێت.



# کوردستان بەرگی سپی پۆشی

لەگەڵ هاتنەوەی زستانی ئەم ساڵ، بە بارانێکی زۆر و بەفرێکی سپی جوانەوە، کوردستان وەك ساڵانی پێشوو بەرگی سپی پۆشی، لە سەرتاپای شارەکانی کوردستان بەفرێکی جوان باری، بە جیاوازی لەگەڵ ساڵانی پێشوودا کە تەنیا لە چەند شارێکدا دەباری، لێرەدا بەزمی بەفر رامالّین لەگەڵ وەرزی بەفر بارین دەست پێدەکاتەوە، بەفر مالّین، کارێکی کۆنە بۆمان ماوەتەوە، لە شاردا کێشەی بەفر نابێت بەهۆی ئەوەی خانووەکان لە چیمەنتۆ دروست کراون و بەڵام لە گوندەکاندا ئەو لایەنە نییە و خانووەکانیان لە قوڕ دروست کراون، بۆیە کاتێك بەفر بەسەر خانووەکانەوە دەبارێت، دەبێتە کێشەی مەترسیی دارِمان یان تەڕبوونی سەرەوەی خانووەکان، هەروەها سارد بوونی ژوورەکان، تەنانەت هەندێك جار زۆریی بەفر دەبێتە هۆی دارِمانی میچی خانوو لە گوندەکان، جگە لەوەش لەو گوندانە زیاتر بە رێژەیەکی زۆر بەفر دەباریَ و ئەمەش وادەکات کە بەفر مالّین دەست پێبکات، بەفر مالّین بە کەرەستەیەك دەکرێت کە پیَ دەگوتریَ (مسەبا)، کە ئامێرێکی دەم پانە و دوو جۆری هەیە، یەکێکیان بەرەو پێشەوە بەفر رادەمالّێت وەك خاکەناس، ئەوەی دیکەشیان بە دوو کەس ئەنجام دەدرێت، کاتێك بەفر زۆر بێت و قورس بێت، کە یەکێك بە پەتێك لە پێشەوەی رایدەکێشێت و ئەوەی دیکەش لە دواوە دەیگرێت.







# مەلەوانگەیەکی سەرسوڕهێنەر !

کاری جوان و سەیر لەگەڵ هەر بیرۆکەیەکی جوان سەرهەڵدەدات و تاوەکو دەبێتە بەرهەمێك کە جێگەی سەرسوڕمانی و جوانی خەڵك دەبێ، ئەگەر خەڵکانێکتان بینی لە ژێر ئاو پیاسە بکەن و بێن و بڕۆن، لەلاتان ئاسایی بێت،چونکە ئەوە دەشێت، لە یەکێك لە کارە سەیر و جوانەکانی هونەرمەندی ئەرژەنتینی بە ناوی (لیاندرۆ ئیرلیخ)ە، مەلەوانگەیەکی سەیری دروست کردووە، کە لە ژێرەوەی ئاوەکە خەڵك دەتوانێت پیاسە بکات و بڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی دیکەش دەتوانن مەلەی خۆیان بکەن، ئەم کارەش بەهۆی دانانی شووشەوە لە نێوان ژێرەوەی و سەرەوەی شوێنی مەلە کردن، واتە ئەوەی لە خوارەوە یان لە سەرەوە دەتوانێ هەموو مەلەوانگەکە ببینێ و بە دیمەنە جوانەکانی سەرسام بێ.

# (٦) خوشك لاسایی یەکتر دەکەنەوە!



خەڵکانێك هەن لاسایی هونەرمەند و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهان دەکەنەوە لە رووی شێوە و ستایلی قژ و تەنانەت هەندێك نەشتەگەری ئەنجام دەدەن تاوەکو شێوەی رووخساریان بە کەسایەتییەك بچێت، بەڵام ئەم لاسایی کردنەوە لەلای ئەو (٦) خوشکە شێوەیەکی دیکەی گرتووە، ئەویش هەر یەکە لە (بریتنی و ئۆدیل و رانیسیس و کەیت و سمارا و لان)، هەر یەکە چەندین نەشتەرگەریان کردووە تاوەکو بە یەکتر بچن، لەگەڵ ئەوەشدا شێوەیان لە یەکتر دەچێت، مەبەستەکەیان بۆ ئەوەیە کە بە تەواوی بچنە سەر شێوەی یەکتر و لە رووخسار و رەفتاریشدا لە یەکتر جیا نەکرێنەوە.



# خۆشەویستی و چاو

لە زانایەکیان پرسی خۆشەویستی چۆن دەست پێ دەکات و چۆن کۆتایی پێدێت ؟
ئەویش گوتی: لە چاو دەست پێدەکات و لە چاویش کۆتایی پێدێت!
گوتیان ئەمە چۆن ؟
ئەویش گوتی : خۆشەویستی لە یەکەم نیگا دەست پێدەکات و بە دڵۆپێك فرمێسك لە هەمان چاو کۆتایی پێدێت !!!



## وێنە و بیر کردنەوە

- لەم کۆمەڵە فستقە وێنەی منداڵێکی تێدایە و هەوڵبدە لە ماوەی (٥) چرکەدا بیدۆزەوە.

## یاری پیت ریزکردن


هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی ئەکتەرێکی کوردت بۆ دەربچێ.

ا ج ی ل ل ە ا ب ر

وەڵامی ژمارەی پێشوو : قەڵا

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ڕۆستێ) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی شتی لێ دەچێنرێت و لە بنەکانی وڵاتە)
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی جەستەی مرۆڤە لە ژێر لووتە)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٧) کۆبکەیتەوە بە مانای (ڕەفتارێکی شەوانەی مرۆڤە بە شەو ئەنجامی دەدات)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٨)کۆ بکەیتەوە بە مانای (باڵندەیەکە قاسپە قاسپ دەکات)



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئـــــــارەزوو نهێنییەکانت بەرەو پەیوەندییەکی سـۆزداریـت دەبــەن، یــان بەهۆی سەرنجڕاکێشیت و وروژێـنـەری سەرو سیمات لەبواری ئەڤینداریییەوە دڵخۆش دەبیت.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هـەوڵ دەدەیـت لــەگـــەڵ دولـبـەرەکـەت بگەیتە لـێـکـگـەیـشـتـن و ناکۆکییەکان بـەلاوە بنێن، بێگومان ئەگەر لە کۆششکردنت بـەردەوام بیت سەردەکەویت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمڕۆلەزۆربەی بـوارەکـانـەوە سەرکەوتن بەدەست دێنیت و دڵخۆش دەبیت، هەروەها لەوانەیە دەستکەوتی ماددی چاکت بێتە دەست.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەمڕۆ کەسێ کە دەمێکە ململانێت لەگەڵدا دەکات تووشی سەر ئێشەت دەکات و پەرێشان دەبیت، بۆیە پەنا وەبەر دولبەرەکەت دەبەیت و داوای هاوکاری لێ دەکەیت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ڕۆژێکی گونجاوە بـۆ ئـەوەی بیر لـەبـەرنـامـەیـەك بکەیتەوە بۆ باشتر کردنی بـاری داراییت، یاخود گەشتێك دەکەیت و کامەران دەبیت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

یـەکـێـك لـەکـەسـە نزیکەکانت پێشنیارێکی چاکـت بـۆ دەکـات و ســوودێــکــی بــاشــی لێوەردەگریت، ئەمڕۆ ئیش و کارەکانت زۆر دەبن و هاوڕێکانیشت هاوکاریت دەکەن.

# بە دەستێک (١١) هێلکە هەڵدەگرێت!



هەندێك كەس هەن، قەبارەی دەســتیان گەورەیە و بەو گەورەیەی دەســتیان دەتوانــن چەندین كەرەســتەی گەورە یان شــتی زۆر بە دەســتیانەوە بگرن، بەڵام لەلای ئەو كورە گەنجە ئەندەنوسییە، بە دەســتە بچووكەكەیەوە توانیویەتی ( ١١ ) هێلكە هەڵگرێت ئەگەر بێت و هەردوو دەســتی پڕ بكات لە هێلكە، ئەوا دەتوانێ تەبەقەیەك هێلكە بە هەردوو دەستی هەڵبگرێت.

## مانای خەون




**تاریكی:** لەخەودا ڕێ ون كردن و سەرسووڕمانە، ئەگەر یەكێك دڵتەنگ بێت و لە خەودا ببینێت چۆتە ڕۆشنایی ئەو كەسە دڵی خۆش دەبێت،، یان تۆبە دەكات و ڕێگەی ڕاست دەگرێتە بەر و سەركەوتن لە ژیانیدا دەبینێت، ئەگەر لەزینداندا بێت دەردەچێت،تاریكی مانای زوڵمە لە هەندێك خوندا، ئەوەی لە خەودا بەرەو تاریكی بچێت، ئەو كەسە زوڵم دەكات، ئەوەی تاریكی ببینێت و یان لەناو تاریكی چاوی بكاتەوە و لە تاریكیەكی قوڵ بێت، زوڵمی لێ دەكرێت لەوانەیە تاریكی مانای تاریكی دڵ و چاو بێت.

**سەرچاوە: خەوننامە!**

## دیوانە شیعر

**مەحوی شاعیر دەڵێ :**

**برینانی دەروونم چاوەكەم وەك چاومە وێران**
**لە وێرانی مەپرسە هەم دڵ و هەم ناومە وێران**
**بە دڵ ڕازی نەبوو ڕۆیی لە حوجرە هەم لەبەر چاوم**
**بە جارێ ماڵی دڵم و خۆم و هەردووچاومە وێران**




**مەحوی**

## پەندی ناوداران



**- ســارتەر ســەبارەت بــە خۆشەویستی دەڵێ:**
**كاتێك تەنیایــن، بە دوای خۆشەویســتیدا دەگەڕێن، كــە دەســتمان دەكــەوێ ئینجا لە دوای عەیبەكانی دەكۆڵینــەوە، لەو كاتەش لە دەستمان دەچێت، ئینجا بیر لە یادگاریەكانی دەكەینەوە.**

## نوكتە



- نەخۆشــێك دەچێت بۆ لای دكتۆر: دكتۆر دوای پشكنین كردن شــرووبی بۆ دەنووســێ و دەڵێت: ئەم شــرووبە جوان بشــڵەقێنە ئینجا بیخۆرەوە.
نەخۆشەكە دەڕواتەوە بۆ ماڵ، ڕۆژێك ژنەكەی دەچێتە ژووری دەبینێت مێردەكەی تەقڵەی لێ دەدات، ژنەكەی دەڵێت ئەوە چییە ؟؟
نەخۆشەكەش دەڵێت: شرووبەكەم خواردەوە لەبیرم كرد بیشڵەقێنم.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕووداوەكانی ئەمڕۆ بــەزەحــمــەت بەسەرتا تێپەڕ دەبــن، یاخود كاروبارەكانت بەسەریەكدا كەڵەكە دەبن و تووشی بێزاری و نائومێدیت دەكەن.



**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

سەرنجراكێشیت و قەشەنگیت ڕۆڵێكی باش دەگێڕێت بۆئەوەی كەسانێك لێت نزیك ببنەوە یاخود لەسەركەتن و بەدیهێنانی هیواكانت نزیك ببیتەوە.



**كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بــەهــەنــدێــك كاروباری داراییەوە خــەریــك دەبــیــت و لەگەڵ كەسە نزیكەكانت لەم بارەیەوە دەكۆڵنەوە، بیریشت هەر لای گەشتێكی خۆش دەبێت.



**گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩**

گــوێ لەهەندێك ئامۆژگاری مەگرە كە هەندێك كەس دەیانەوێت بۆ بــەرژەوەنــدی خۆیان لەخشتەت بەرن، متمانەت بەخۆت بەهێزتر بێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەمە بزانە كە ئەمڕۆ بایەخ وەك دوێنێ نییەو زۆر زەحمەتە لەگەڵیدا بگونجێیت، بەڵام ڕەنگە بەناچاری هەندێك شتی گرنگ فەرامۆش بكەیت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بیر لەهەندێ كێشە مەكەوە كە خەریكە بەرەو چارەسەركردن دەڕوات، خــۆت بــە شتی بــەســوود خەریك بكە، ئامۆژگاری كەسانی نزیكت وەربگرە.